# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی هەڵسەنگاندنی دۆخی پەروەردە

## راپۆرتی دووەم

## هەڵسەنگاندنی راپۆرتەکانی: (کێشەی بینای قوتابخانە و خوێندنگاکان، گرفتی مامۆستای میلاک لە سنوری پەروەردەی گەرمیان، رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەرونی لە ناوەندەکانی خوێندن).

١٠/٨/٢٠٢٠

# ناوەڕۆک


| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| | بەشی یەکەم: راپۆرتی هەڵسەنگاندن |
| ٢ | پێشەکی |
| ٢ | یەکەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (کێشەی بینای قوتابخانە و خوێندنگاکان) |
| ٦ | دوەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (گرفتی مامۆستای میلاک لە سنوری پەروەردەی گەرمیان) |
| ٩ | سێیەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەرونی لە ناوەندەکانی خوێندن) |
| | بەشی دوەم: دەرەنجام و راسپاردەکان |
| ١٢ | یەکەم: دەرەنجام |
| ١٣ | دوەم: راسپاردەکان |

## بەشی یەکەم: راپۆرتی هەڵسەنگاندن

### * پێشەکی

یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، لەنێوان ساڵانی ٢٠١٧_٢٠١٩، پرۆژەیەکی هەبو بۆ چاودێری کەرتی پەروەردە و تەندروستی ، کە هەر مانگە و لەسەر یەکێک لەو کەرتانە، راپۆرتێکی ورد و بنکۆڵکاریی بڵاودەکردەوە .

لە پرۆژەی ساڵی ٢٠١٩_ ٢٠٢٠ دا، چوار راپۆرت بڵاودەکاتەوە (٢ لەبارەی کەرتی پەروەردە و ٢ لەبارەی کەرتی تەندروستی) کە تیایدا بەدواداچون دەکات بۆ ئەوەی لەو کاتەوە ئەو راپۆرتانە بڵاوبونەتەوە تائێستا، چ بەرەوپێشەوەچونێکیان تێدا بەدیی هاتوە، یان بەپێچەوانەوە پاشەکشە رویداوە، ئەمەش بەمەبەستی زانینی دۆخی کێشە و گرفتە باسکراوەکان و هەڵسەنگاندن بۆ هەنگاوەکانی و بەتەنگەوەهاتنی حکومەتی خۆجێی لەوبارەیەوە .

لەمیانەی ئەم راپۆرتەدا کە دوەمین راپۆرتی هەڵسەنگاندنی دۆخی پەروەردەیە لەگەرمیان، بەدواداچون بۆ (٣) لەو کێشانە کراوە کە پێشتر هەریەکەیان بەجیا راپۆرتیان لەسەر ئامادە کراوە، ئەوانیش بریتین لە: کێشەی بینای قوتابخانە و خوێندنگاکان، گرفتی مامۆستایانی میلاک لە سنوری پەروەدەی گەرمیان و رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەرونی لە ناوەندەکانی خوێندن لە سنوری گەرمیان.

لە میانەی ئەم راپۆرتەدا هەڵسەنگاندن بۆ ئەو راپۆرتانە دەکەین کە پێشتر ئامادەکراون و تاچەند بەرەوپێشەوەچون روی داوە .

### یەکەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (کێشەی بینای قوتابخانە و خوێندنگاکان)

**١. باکگراوەندی راپۆرت:**

راپۆرتی ژمارەی یەکی یەکەی چاودێری لەساڵی ٢٠١٧ بڵاوکرایەوە، تایبەت بو بە کێشەی بینای قوتابخانە و خوێندنگاکان، ئەگەرچی لە ساڵانی رابردو ژمارەیەکی بەرچاو بینای ناوەندەکانی خوێندن لە گەرمیان دروست کران، بەڵام ئەمە واینەکرد گرفتی کەمی بینا لە گەرمیان چارەسەر بکات، لەگەڵ ئەوەش بەشێکی زۆری ئەو بینایانە لەسەردەمی رژێمی بەعس دروست کراون و وەکپێویست نین بۆ خوێندنی وانە تێیدا، بەشێکی زۆری ناوەندەکانیش پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، سەرباری زۆری ژمارەی فێرخوازان و کەمی پۆلەکان.

ب. هەڵسەنگاندن:

**١. شیاویی بینای ناوەندەکانی خوێندن لە گەرمیان**

بەشێک لە بەڕێوبەران باس لەوە دەکەن ئەگەرچی بینای ناوەندەکانیان زۆر کۆنن و پێویستی بەردەوامی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، بەڵام وەک خۆیان دەڵێن شیاون بۆ وانەوتنەوە تێیدا.

نەوزاد نەجمەدین، بەڕێوبەری ئامادەیی (شەهید ئارام) لە قەزای کەلار دەڵێت: "بینای ناوەندەکەمان زۆر کۆنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیاوە بۆ وانەخوێندن تێیدا، چونکە گرفتێکی ئەوتۆ لە بیناکە نیە، بەڵام پێویستە چاک بکرێتەوە".

بەپێچەوانەوە، دانا عوسمان، بەڕێوبەری قوتابخانەی (زانیاری)ی بنەڕەتی لە ناحیەی باوەنور، سەبارەت بە کوالێتی بینای ناوەندەکەیان، دەڵێت: "بینای قوتابخانەکەمان لە زۆر روەوە گونجاوە بۆ قوتابیان، بەتایبەت شوێنی جوگرافی و بونی باخچە و گۆڕەپان و یاریگای گونجاو، بەڵام سەرەکیترین و گەورەترین کێشەی ئێستای قوتابخانەکەمان نەبونی پۆلی پێویستە بۆ قوتابیان کە لە شەش پۆل پێکدێت.

بەوتەی بەشێک لە بەڕێوبەرانی ناوەندەکانی خوێندن بینای هەندێک قوتابخانە هێندە کۆنە وەک زیندان وایە.

مەریوان محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (بڵند)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری باس لەوە دەکات: "بینای ئەم ناوەندەی ئێمە زۆر کۆنە و دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٧ کە یەکەم ناوەندە لە ناحیەی رزگاری دروست کراوە، تەنانەت بەڕێوبەری پێشوی پەروەردە بە زیندان ناوی بردوە".

لە هەمان کاتدا، هاشم زیدان، بەڕێوبەری قوتابخانەی (سۆران)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری دەڵێت: بینای ناوەندەکەمان زۆر کۆنە و سێ دەوامی تێدایە، ناچاری نەبێت شیاو نیە بۆ خوێندن.

**٢. نۆژەنکردنەوەی بینای ناوەندەکان**

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان بۆ هەڵسەنگاندنی راپۆرتێکی تایبەت بە گرفتی بینا لە سنوری گەرمیان و نۆژەن کردنەوەیان، دەرکەوت بەشێکی ناوەندەکانی خوێندن نۆژەن کراونەتەوە، بەڵام وەکپێویست نیە و چارەسەرێکی بنەڕەتی نیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی بینا لە سنورەکە.

یونس هیدایەت، بەڕێوبەری ئامادەی (کفری) هێمای بۆ ئەوەکرد: نۆژەن کردنەوە لە لایەن پەروەردە و رێکخراوەکان و خۆمان و خێرخوازانیشەوە کراوە و باشە، تەنانەت بۆ ئەمساڵی خوێندن لە تەندەرین دەرچو بۆ نۆژەنکردنەوەیەکی زۆرباش، بەڵام بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا و راگرتنی دەوام و کەرەنتینە کردن راوەستا.

"یەکێک لە کێشە سەرەکیەکان تێکچون و خراپ بونی سەقفی بینای قوتابخانەکەمانە کە لە کاتی باران بارینا لە زۆربەی شوێنەکانیەوە دڵۆپەی زۆر دەکات و کێشەی بۆ قوتابیان دروستکردوە، بەڵام تا ئێستا چارەسەر نەکراوە". دانا عوسمان، بەڕێوبەری قوتابخانەی (زانیار)ی بنەڕەتی لە ناحیەی باوەنور وای وت.

بەشێک لە بینای ناوەندەکانی خوێندن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی رژێمی بەعس، سەرباری بونی چەندین کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم، بەڵام تاوەکو ئێستا نەڕوخێنراون و دروست نەکراونەتەوە.

مەریوان محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (بڵند)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری باس لەوە دەکات: "ئەم ناوەندە نۆژەن کراوەتەوە، بەڵام هیچ سودێکی بۆی نابێت وەک بیناکە، چونکە زۆر کۆنە و سەردەمی دروستکردنی هیساڵی هەشتاکانە".

بەڕێوبەری قوتابخانەی (سۆران)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری، هاشم زیدان، دەڵێت: "ئەم بینایەی ئێمە لە ساڵی ١٩٩٨ نۆژەن کراوەتەوە، بەڵام بەهۆی دڵۆپەکردنی سەقفەکەی ئیزوگامی کراوە و باشە لە ئێستادا، کارەبای و شتی دیکە کراوە، بەڵام سودی نیە، چونکە زۆر کۆنە".

## ٣. گرفتی بینا بەردەوامی هەیە

یەکێک لە گرفتە دیارەکانی کەرتی پەروەدە کەمی بینایە لە سنوری گەرمیان، وەک بەرپرسانی پەروەدەش ئاماژەی بۆ دەکەن هەنگاوی جدی نەنراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە، بە پاساوی قەیرانی دارایی.

عەدالەت لەتیف عوبێد، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "گرفتی بینا بەردەوامی هەیە و ئەوەی هەیە یەک دو بینا کرانەوە کە وەستا بون و خرانەوە گەڕ و ئێستا دەوامیان تێدا دەکرێت، بینایەکی تر هەیە لە کوڵەجۆ کە سەروی (٧٥%) کارەکانی تەواو بوە و لە ئێستا کارەکانی راگیراوە، تەنها ئەو بینایەمان هەیە کە کاری تێدا ناکرێت، نەهیچ بینایەکمان هەیە بکرێتەوە نە بۆمان ئەکەن نە لە بەرنامەش هەیە، ئەگەرچی داواکاریمان ناردوتەوە سەرەوە، بەڵام بێ وەڵامن".

وتیشی: نۆژەنکردنەوە وەک پلانی حکومەت هیچ نەبوە، ئەوەشی هەبوە لەگەڵ رێکخراوەکان بوە کە پرۆژەی ساڵانی پێشوترن، ئەوەشی کراوە تەنها لە لایەن مامۆستایان و بەڕێوبەرانەوە بوە کە وەک بۆیەکردن و پاککردنەوەی ناوەندەکان کە لە زۆر شوێن کراون.

سەبارەت بە بینای ناوەندەکانی لادێکان بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار وتی: بینای لادێکان سێ بەشن: بینا حکومیەکان باشن و بێکێشەن مەگەر حاڵەتی بومەلەرزە کە کاریکردوەتە سەر هەندێکیان کە ئەوانیش نۆژەن کرانەوە، بەشێکی تریشیان بینای هاوڵاتین و هی گوندەکانن و هەندێکیشیان کابینەیە و هی حکومەتە.

"ساڵی ٢٠١٩ دو بینای تازە کرانەوە و دەوامی تێداکرا، ئەوانیش بینای کۆن بون و روخێنران و دروستکرانەوە، لەگەڵ ئەوەش بینایەکمان هەیە لە شوێنی تازەدایە و ٢٥%ی تەواو بوە و بۆ ماوەی ٤ ساڵە راگیراوە، بینایەکیشمان هەیە لە ناحیەی سەرقەڵایە ٩٥%ی کارەکانی تەواو بوە ئەویش بۆ ماوەی ٣ ساڵە راگیراوە، لە ٢٠١٩ بۆ ٢٠٢٠ هیچ نۆژەنکردنەوەیەک نەبوە". ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری وا دەڵێت.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: لە چەند ناوەندێک پۆل زیاد کراوە بە کابینە، ئەویش وەکپێویست نیە، لە گوندەکانیش گرفتێکی ئەوتۆمان نیە و چەند ناوەندێکمان هەبو نۆژەن کرانەوە، بەڵام بەهۆی دەوام کە راوەستا ئەوانیش بە نیوەچڵی مانەوە.

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، دەڵێت: "لە سەرەتای دەستبەکاربونی کابینەی نوێ، هەندێک بودجە تەرخان کرا کە دەست بەو بینایانە بکرێتەوە کە لە قۆناغی کارکردن بون، کەچی دوای ماوەیەک دیسان کارکردن تێیاندا راگیرایەوە، ئەمەش نەبوە هۆی ئەوەی کە بینای تر دروست بکرێت، ئەو بینایانەشی کە راگیراوە ٧ بینایە لە گەرمیان".

وتیشی: ١١ بینامان هەیە کە مەترسی روخانیان لەسەرە و بە نوسراو ئاراستەی وەزارەتمان کردوە، بەڵام وەڵام نەدراوینەتەوە تائێستا.

سەبارەت بە نۆژەن کردنەوەی بینای ناوەندەکان، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان وتی: لە ئێستاشدا زیاتر لە ١٠٠ بینامان هەیە پێویستی بە نۆژەن کردنەوە هەیە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی هەنگاوی جدی نەنراوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی بینا لە گەرمیان.

**٤. گۆڕانکارییەکان لە دۆخی بینادا بە ژمارە**

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان لە ماوەی نێوان ساڵی ٢٠١٧ بۆ ٢٠٢٠، رەوشی بینای ناوەندەکانی خوێندنی سنورەکە، بەمشێوەیەن:

| شوێن | مەترسی روخان | پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە | پێویستە دروست بکرێتەوە | کارکردن تیایدا وەستاوە | بینای نوێ |
|---|---|---|---|---|---|
| کەلار | ٨ | ١٠٠ | ٣٥ | ١ | ٢ |
| کفری | ٣ | ١٥ | ٥ | ٢ | ٠ |
| خانەقین | ٠ | ٥ | ٢ | ٠ | ٠ |

لە سنوری پەروەردەی گەرمیان بە قەزاکانی کەلار و کفری و خانەقین (٨٥) بینا نۆژەن کراونەتەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٠ هیچ بینایەک نۆژەن نەکراوەتەوە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم، ئەوەشی کە کراوە لە ساڵانی رابردو لە سەر بودجەی حکومەتی فیدراڵ بوە بەپێی وتەی لێپرسراوی بەشی بیناسازی لە پەروەردەی گەرمیان.

## دوەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (گرفتی مامۆستای میلاک لە سنوری پەروەردەی گەرمیان)

### ا. باکگراوەندی راپۆرت:

راپۆرتی ژمارە دوەمی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان لەساڵی ٢٠١٧ بڵاوکرایەوە بە ناونیشانی (گرفتی مامۆستای میلاک لە سنوری پەروەردەی گەرمیان)ی کەخاڵێکی گرنگ و هەستیاری کەرتی پەروەردەیە، بەڵام لە گەرمیان سەرباری بەرفراوانی ناوچەکە و زۆری ژمارەی فێرخوازان و بونی سێ قەزا لەگەڵ چەندین ناحیە بە گوندەکانیشەوە، وەکپێویست مامۆستای میلاکی بۆ دابین نەکراوە، بەڵکو بۆ ماوەی چەندین ساڵە بە مامۆستایانی وانەبێژ ئەو بۆشاییە پڕ کراوەتەوە.

### ب. هەڵسەنگاندن:

**١. میلاکاتی مامۆستایان تا چەند رێکخراوەتەوە لە ناوەندەکانی خوێندن؟**

بەپێی بەدواداچونەکان بەشێکی زۆری بەرێوبەران هاوڕان لەسەر ئەوەی کە گرفتی میلاکات چارەسەر کراوە بە رادەیەکی باش، بەڵام لەگەڵ ئەوەش پێویستی بە رێکخستنەوەی دیکە هەیە.

ئەیاد محەمەد، بەرێوبەری ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری، سەبارەت بە گرفتی میلاکات وتی: "ئەمساڵی ٢٠١٩_٢٠٢٠ شێوازی رێکخستنی میلاکات زۆر باشبو، بەڵام یەک کێشە هەیە شێوازی پڕکردنەوەکان بەشێوەی تەنسیب و دانانی وانەبێژە کە ساڵانە لەگەڵ تەواوبونی پرۆسەی خوێندن بۆ ساڵی داهاتو هەمان کێشە سەر هەڵدەداتەوە".

بەشێک لە بەرێوبەران باس لەوە دەکەن ئەگەرچی رێکخستنەوەی میلاکات بۆ ئەمساڵی خوێندن باشتر بوە لە چاو ساڵانی رابردو، بەڵام پێویستە کاری جدی تری لەسەر بکرێت.

رێبوار عەلی ئەحمەد، بەرێوبەری ئامادەیی (باکور) لە قەزای کەلار، دەڵێت: ئێستاش میلاکات پێویستی بە رێکخستنەوەیەکی جدی تر هەیە، چونکە لە هەندێک ناوەند هەیە پسپۆڕی زیادە و لە هەندێک هەیە کەمە، ئەمەش پێویستی بە بڕیارێکی جدی هەیە.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان ژمارەی مامۆستایان لە هەریەک لە قەزاکانی کەلار و کفری و خانەقین بۆ ساڵی ٢٠١٩بۆ ٢٠٢٠ بەمشێوەیە:

| شوێن | میلاک | گرێبەست | وانەبێژ |
|---|---|---|---|
| کەلار | ٥٧٧٤ | ٢٠٦ | ٥١٠ |
| کفری | ١٠٨٦ | ٤٦ | ٢١٠ |
| خانەقین | ٣٢٩٨ | ٣٩ | ٠ |
| کۆی گشتی | ١٠١٥٨ | ٢٩١ | ٧٢٠ |

بۆ ئەمساڵی خوێندن بە بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە مامۆستایانی گرێبەست کە ژمارەیان (٢٩١) مامۆستایە کراون بە هەمیشەیی و خراونەتە سەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە، بە پێی وتەی بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، سنورەکە پێویستی بە (٧٢٠) مامۆستا هەیە لە هەرسێ قەزاکە.
لە بەرامبەریشدا بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان ژمارەی فێرخوازان لە هەریەک لە قەزاکانی کەلار و کفری و خانەقین بۆ ساڵی ٢٠١٨_٢٠١٩ بەمشێوەیە:

| شوێن | بنەڕەتی | ئامادەیی | پیشەیی | خوێندنی خێرا | |
|---|---|---|---|---|---|
| کەلار | ٤٣١٩٤ | ١٠٩١٨ | ١٦١ | ١٥٦ | |
| کفری | ٨٨٨٧ | ١٧٥٩ | ٣١٣ | ١٢٣ | |
| خانەقین | ٢٧٩٢ | ١٤٩٠ | ١٨٤ | ٠ | |
| کۆی گشتی | ٥٦٢٧٠ | ١٤١٦٧ | ٦٥٨ | ٢٧٩ | ٧١٣٧٤ |

هەربەپێی ئاماری بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، ژمارەی فێرخوازان لە هەریەک لە قەزاکانی کەلار و کفری و خانەقین بۆ ساڵی ٢٠١٩_٢٠٢٠، (٦٨٨٣٢) فێرخوازە.
بەشێک لە بەڕێوبەران باس لەوەدەکەن راستە گرفتی میلاکات نیە ساڵانە لە کاتی دەستپێکردنەوەی خوێندن، گرفتەکە ئەوەیە مامۆستایان بە جێگیری ئاراستەی ناوەندەکان ناکرێت، بەڵکو لەگەڵ کۆتای هاتنی دەوام هەمو گواستنەوەکان هەڵدەوەشێتەوە، ئەمەش بەبەردەوامی ساڵانە دەبێت هەوڵ بدرێت ئەو بۆشایانە پربکرێتەوە.
خەبات حەسەن، بەرێوبەری قوتابخانەی (بێخاڵی کچان)ی بنەڕەتی لە ناحیەیی باوەنور باس لەوە دەکات: "تاکە گرفت کە هەیە لە رێکخستنەوەی میلاکات ئەویش ئەوەیە کە مامۆستا بە تەنسیب دەدرێت بە ناوەندەکان کە سالی خوێندن تەواو بو هەڵدەوەشێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوەندەی کە لێوەی هاتوە، ئەمە ئەکرێت چارەسەر بکرێت، بۆ ئەمساڵ ٣ مامۆستای تەنسیبم هەبوە".
لە هەمان کاتدا، ئەیاد محەمەد، بەرێوبەری ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری باسی لەوەشکرد: هەندێک مامۆستا هەن هەر لەناو قوتابخانەکانی شاردا لەقوتابخانەیەک زیادەیە و لەقوتابخانەیەکی تر پێویستی پێ هەیە، بەڵام بەشێوازی تەنسیب دەگوازرێتەوە کە ساڵانە مامەڵەی دەوێت کە شتێکی رۆتینە و دەکرێت بە یەکجاری بگوازرێتەوە نەک هەمو ساڵێک تەنسیب بکرێت، ئێمە دو مامۆستای وامان هەیە.
بەشێک لە بەرێوبەران پێیانوایە ئەو مامۆستایانەی کە بەشە وانەیان کەمە لە ناوەندەکان، دەتوانن لەو ناوەندی تر کە گرفت هەیە، تەواواکاریان "تکمیلە" بۆ بکەن، بەمەش گرفتی میلاکات کۆتای پێدێت.
کاوە رەحیم، بەڕێوبەری ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری، دەڵێت: بۆ ئەوەی گرفتی میلاکات کۆتای پێبێت و لە بری ئەوەی وانەبیژ دانەنرێت بۆ ئەو بۆشایانەی کە هەیە، ئەتوانرێت بە رێگەیەکی تر ئەوە

چارەسەر بکرێت کە ئەو مامۆستایانەی بەشە وانەیان کەمە لە ناوەندێکی تر"تکمیلە نیسابی" بۆ بکەن، ئەگەرچی بەرپرسانی پەروەردە بەهۆی ئەم دۆخەوە دەسەڵاتی ئیجرائاتیان نەماوە.

**٢. پەروەردەکان: گرفتی میلاکات پەیوەندی بە دامەزراندنەوە هەیە**

سەرباری هەوڵەکان بۆ رێکخستنەوەی میلاکاتی مامۆستایان و کەمکردنەوەی گرفتی گواستنەوەی مامۆستایان و زۆر و کەمی ژمارەی مامۆستایان لە ناوەندەکان، بەڵام هێشتا گرفتەکە بەردەوامە و بەرپرسانی پەروەردە پێیانوایە رۆتینێکە و دەمێنێت.

عەدالەت لەتیف عوبێد، بەرێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "رێکخستنەوەی میلاکات بەردەوامی هەیە، بەڵام بەشێوەی گوستنەوەی هەمیشەیی نا، چونکە هۆکارەکەی نەبونی دامەزراندنە کە چەندین ساڵە راگیراوە، تەنانەت مامۆستامان هەیە نزیکەی ١٠ ساڵە لە دەرەوەی شار وانە دەڵێتەوە و هیچ گواستنەوەی بۆ نەکراوە، بۆیە ئەوانمان هێناوەتەوە پێشەوە و وانەبێژ لە جێگەکەیان دانراوە".

وتیشی: گرفتی میلاکات پەیوەندی بە دامەزراندنەوە هەیە.

ئیسماعیل سەمین، بەرێوبەری پەروەردەی کفری، هێمای بۆ ئەوە کرد: "گرفتی میلاکات رۆتینی رۆژانەیە و لە بنەڕەتەوە چارەسەر نابێت، چونکە لە روی ئیدارییەوە بەو شێوەیە نیە کە ئێمە ئێستا دەیکەین، چارەسەرکردنەکەشی ئەوەیە کە ساڵانە وەزارەتی پەروەردە داوا بکات و گرفت چی هەیە لە میلاکات بەهۆی خانەنشین بون یان مۆڵەت وەرگرتن، بە دامەزراندن چارەسەری بکات".

دەشڵێت: من ئەمساڵ ٥٠ مامۆستام هێناوەتەوە سەنتەری شار، بەڵام کە دەوام تەواو بو دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، چونکە وانەبێژ لە جێگەیان دانراوە.

لە روی میلاکاتەوە وەزارەتی پەروەردە تەنها یەک هەنگاوی ناوە، ئەویش ئەوەیە کە مامۆستایانی گرێبەست کراون بە هەمیشەیی، پەروەردەی گەرمیانیش دەڵێت: پێویستمان بە ٤٠٠ مامۆستا هەیە.

دارا ئەحمەد سەمین، بەرێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، وتی: "گرفتی کەمی میلاکاتی مامۆستایان بەردەوامی هەیە، هۆکاری ئەمەش نەبونی دامەزراندنەوە بۆ ماوەی چەندین ساڵە، یەک هەنگاو نراوە لە میلاکات ئەویش ئەوەیە ئەو مامۆستایانەی کە گرێبەست بون کران بە میلاک".

هێمای بۆ ئەوەش کرد: لە گەرمیان بۆ ئەمساڵی خوێندن نزیکەی ٨٥ هەزار فێرخوازمان هەبوە، پێویستمان بە ٤٠٠ مامۆستای دیکە هەیە بۆ دامەزراندن، ئەگەرچی ماوەی چەند ساڵێکە ئەو بۆشاییەی کە هەبو بە وانەبێژ پڕکراونەتەوە.

## سێیەم: هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی (رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەرونی لە ناوەندەکانی خوێندن)

**ا. باکگراوەندی راپۆرت:**

(رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەرونی لە ناوەندەکانی خوێندنی گەرمیان)، ئەمە ناونیشانی چوارەم راپۆرتی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان بو لە کەرتی پەروەردە، راپۆرتەکە ساڵی ٢٠١٨ بڵاوکرایەوە. نەبونی رۆڵی توێژەران لە ناوەندەکانی خوێندن و بەریەککەوتنی بەردەوام لەگەڵ ستافی ئیداری ناوەندەکان و مامۆستایان، لەگەڵ نەبونی پێداویستی تایبەت و ژوری تایبەت بە خۆیان، لە گرفتە سەرەکیەکانی توێژەران بو وەک لە راپۆرتەکەدا باسی لێوەکراوە.

**ب. هەڵسەنگاندن:**

**١. گۆڕانکاریی لە رۆڵی توێژەران دا دروستبوە**

توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەرونی باس لەوەدەکەن بۆ ئەمساڵی خوێندن و کۆرسی یەکەم، رۆڵی باشیان هەبوە لە ئەنجامدانی کارەکانیان، وەکخۆیان دەڵێن جێبەجێکردنی سیستەمی (بریتش کاونسڵ) هاوکارێکی باش بوە بۆ ئەوەی لە سەرجەم لیژنەکانی تایبەت بە ناوەندەکان بونیان هەبێت.

محەمەد نەجیب، توێژەری کۆمەڵایەتی و رێنمایکاری پەروەردەیی لە ئامادەیی (ئیبراهیم ئەحمەد) لە قەزای کەلار، دەڵێت: بێگومان ئەمساڵ لەچاو ساڵانی پێشتر گۆڕانکاری رویداوە بۆ رۆڵی توێژەر، بەڵام هێشتا رێنماییکار نەگەیشتوە بەو ئازادی و سەربەستیە لە کارکردن کە پێویستە پێی بگات.

بەشێکی توێژەران هاوڕان لەگەڵ ئەوەی سیستەمی (بریتش کاونسڵ) وایکردوە توێژەران رۆڵێکی باشیان هەبێت لە ناوەندەکان.

(بریتش کاونسڵ) سیستەمێکی بریتانیە و لە ساڵی ٢٠١٠ لە هەرێمی کوردستان لە ١٥ ناوەندی خوێندن بۆ یەکەمجار لە تێستدا بوە، بنەمای کارکردنی ئەم سیستەمە لەسەر (پەروەردە و تواناکان و زانیاری و بەهاکان) بوە، بەڵام بۆ ئەمساڵی خوێندن بە بەرنامەیەکی نوێوە کە پێی دەوترێت (هەڵسەنگاندنی دەرەکی) بۆ ناوەندەکانی خوێندن، رۆشتە بواری جێبەجێکردنەوە.

رۆژە فەقێ سلێمان، توێژەری کۆمەڵایەتی و رێنمایکاری پەروەردەیی لە قوتابخانەی (مەریوان)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی پێشوتر رۆڵی توێژەرەکان زیاتر بو لە ناوەندەکان بەهۆی سیستەمی (بریتش کاونسڵ) کە جێبەجێ کرا لە ناوەندەکان، ئەم سیستەمە وایکرد کە توێژەران لە زۆربەی لیژنەکانی ناوەندەکان هەبێت".

ئەگەر لە روی رۆڵیان لە ناوەندەکان رەوشەکە باشتر بوبێت، بەڵام لە روی مامەڵەی ئیدارە و مامۆستایانەوە هێشتا کێشە هەیە.

"توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە ناو ناوەندەکان روبەڕوی کومەڵێک بەربەست ئەبنەوە بە بەردەوامی لە لایەن ئیدارە و مامۆستایانەوە کە تاوەکو ئێستاش ئاستی هۆشیاری بەشێکیان لە ئاستێکدایە کە توندوتیژی بە

ڕێگە چارە دەزانن بەرامبەر بە فێرخوازان". هێرۆ حەسەن، توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕێنمایکاری پەروەردەیی لە قوتابخانەی (شەهید هاپۆ)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار وادەڵێت.

**٢. دابینکردنی پێداویستیەکانی توێژەران لە ناوەندەکان**

بۆ راپەراندنی کارەکانیان بە باشی توێژەران پێویستیان بە ژوری تایبەت و پێداویستی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە راپۆرتی ژمارە چوار ئاماژە بە بونی ئەم بابەتە وەکو کێشەیەک لە کاری توێژەران دا کراوە، کێشەکە لەهەندێک روەوە چارەسەر کراوە، بەڵام هەندێک روی دیکەی ماوە.

لە روی دابینکردنی ژورەوە، هەندێکیان باس لەوە دەکەن ژوریان بۆ دابینکراوە.

(رۆژە فەقێ سلێمان) و (محەمەد نەجیب)، ئاماژەیان بەوەدا کە ژوریان هەیە. بەڵام لەبەرامبەردا پێداویستی دیکەیان هەیە و بۆیان دابین ناکرێت.

رۆژە) وتی: "پێداویستی نیە وەکپێویست، لەگەڵ ئەوەش چەندین جار داوام کردوە کەچی دابین نەکراوە و پێیان وتوم بەس نیە ژوری خۆتت هەیە، پێداویستی زەرور نیە!"

هەرلەوبارەوە (محەمەد نەجیب) دەڵێت: "وەک خۆم ژوری تایبەتیم هەیە، بەڵام هەندێک گرفتیش هەیە، یەکێک لەوانە: نەبونی هۆڵێکی تایبەتە بۆ سیمینار و هەندێک چالاکی تایبەت، لەگەڵ هەندێک پێداویستی دیکەی تایبەت بە توێژەر".

**٣. بەریەککەوتن بەردەوامی هەیە لە نێوان توێژەران و ستافی ئیداری ناوەندەکان**

توێژەرێک باس لەوە دەکات تاوەکو ئێستا بەریەک کەوتنەکان لە نێوان مامۆستایان و ستافی ئیداری لەلایەک و توێژەران لەلایەکی تر، بەردەوامی هەیە، بەجۆرێک بونی رێنمایکار قبوڵ کراو نیە لەلایەن هەندێک لە مامۆستایانەوە.

محەمەد نەجیب، دەڵێت: "مامۆستا هەیە پێیوایە جگە لە وانە و بابەتەکانی خۆیان، رێنماییکار هیچ رۆڵێکی نیە لە بەرەوپێشچونی ئاستی خوێندکار، کە ئەمە لەبنەڕەتدا تەواو پێچەوانەیە".

زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە توێژەران لە ناوەندەکان توشی بەریەک کەوتن دەبن لەلایەن ستافی ئیداری ناوەندەکانەوە، ئەو توێژەرە دەڵێت: "زۆرجار بەریەککەوتن رودەدات لە نێوان ستافی ئیداری ناوەندەکان و توێژەران، چونکە بەشێکی زۆریان تائێستا نازانن ئەرکی توێژەر چیە لە ناوەندەکان، تەنانەت کەیسمان هەبوە هی خوێندکار کۆتا کەس بوم کە زانیومە و ئاگادار نەکراومەتەوە، بۆیە پێویستە چۆن خول دەکرێتەوە بۆ توێژەران ئاواش بکرێتەوە بۆ مامۆستایان و بەرێوبەران بۆ ناساندنی ئەرکی توێژەر".

**٤. بەرپرسانی پەروەردە: گۆڕانکاری لە کاری توێژەران دا نەکراوە**

بەرپرسانی پەروەردە وەکخۆیان دەڵێن: هەنگاوی ئەوتۆ نەنراوە بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشایانەی کە هەیە لە ناوەندەکان و توێژەریان نیە، بەڵام هەندێک گورانکاری لە پێداویستی و رێکخستنەوەیان کراوە.

عەدالەت لەتیف عوبێد، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "لە روی ژمارەی توێژەرانەوە بۆ دامەزراندن هیچ گۆرانکارییەک نیە و هیچ توێژەرێکمان بۆ دانەمەزراوە، ئەوەی کراوە رێکخستنەوەیان بوە کە هەوڵ دراوە ئەو ناوەندانەی کە توێژەریان نیە بۆی بنێرین، ئەگەرچی بەشێکی زۆری ناوەندەکانمان بێ توێژەرن".
وتیشی: لە روی پێداویستی و دابینکردنی ژور هەنگاو نراوە بەپێی ئەو بودجەیەی کە لە بەردەستمان بوە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە بەشێکی ناوەندەکان وەکپێویست ژوری تێدا نیە.
لە هەمان کاتدا، ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری، دەڵێت: هەنگاو نەنراوە بۆ دامەزراندنی توێژەر لە ناوەندەکانی خوێندن و بەو هەمو ناوەندەی کە لە قەزاکە هەیە (١٦) توێژەرمان هەیە.
ئاماژەی بەوەشدا باشتر لە جاران ئێستا گرنگی بە رۆڵیان دەدرێت "لە ئێستا لە ناوەندەکان و هەوڵمان داوە پێداویستی و ژوریان بۆ دابین بکەین و ئەو گرفتانە کە هەیانە چارەی بکەین".
پەروەردەی گەرمیانیش جەخت لەو قسانەی سەرەوە دەکاتەوە، بەوەی لە روی ژمارەوە رەوشەکە وەکخۆیەتی، بەڵام لە روی رۆڵەوە، رۆڵیان زیادیکردوە.
دارا ئەحمەد سەمین، بەرێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان، دەڵێت: "هیچ گۆڕانکاریەک لە ژمارەی توێژەران نەکراوە لە گەرمیان، ئەمەش پەیوەندی بە دامەزراندنەوە هەیە کە چەندین ساڵە راگیراوە".
دەشڵێت: رۆڵی توێژەران لە ناوەندەکانی خوێندن لە ئێستادا لە چاو ساڵانی رابردو زۆر باشە، چونکە پێشتر زۆرتر روبەروی ئاستەنگ و بەریەککەوتن لەگەڵ ستافی ئیداری ناوەندەکە دەبونەوە، ئەگەرچی ئێستاش کۆمەڵێک گرفت هەیە بەتایبەت لە روی پێداویستی و ژوری تایبەت بە خۆیان، هۆکارەکەشی زیاتر ئەگەڕێتەوە بۆ نەبونی شوێن و کەمی بینا کە وایکردوە زۆربەی ژورەکان تەرخان بکرێت بۆ پۆلی فێرخوازان.
سەرپەرشتیاری یەکەی توێژەران ئەوە دەخاتەڕو رۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە ئێستادا لە چاو ساڵانی رابردو لە نێوناوەندەکان لە ئاستێکی باشدایە.
عەباس مەحمود، وتی: "لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو رێژەیەی توێژەران لە ناوەندەکان کۆمەڵێک گلەی و گازندە هەبون و کۆمەڵێک لەمپەر لە پێشیان بو بەتایبەت لە روی پێداویستی و ژوری تایبەت بە خۆیان کە مافێکی سەرەتای خۆیان بو بۆئەوەی کارەکەیان ئەنجام بدەن، هۆکاری ئەمەش کەمی بینا بو کە جێگەی فێرخوازان نەبون".
وتیشی: دوای ئەوەی کۆمەڵێک بینا دروستکرا لە سنورەکە تۆزیک لەم کێشانەی کەمکردوە، ئەگەرچی ئێستاش ئەو گرفتانە بەردەوامە و لە تموحی ئێمەدا نیە.
سەرپەرشتیاری یەکەی توێژەران، ئاماژەی بەوەکرد: ئەمساڵی خوێندن هەوڵ درا هەندێک لەپێداویستی و هاوکاریکردنی توێژەران لەسەر بودجەی پەروەردەی گەرمیان چارەبکرێت، بەڵام بەهۆی داخستنی دەوام و سەرهەڵدانی قەیران دیسان وەک خۆی مایەوە.
لەبارەی بەریەککەوتنەکان و قبوڵنەکردنی رۆڵی توێژەران لەلایەن مامۆستا و ئیدارەی ناوەندەکانەوە، باسی لەوەکرد: بەریەک کەوتنەکان لەنێو ناوەندەکان کەمبونەتەوە و لە ساڵانی داهاتوش ئەمە نامینێت، بەتایبەت کە ئەمساڵ سیستەمی (بریتش کاونسڵ) هاوکارێکی باش بو کە بتوانن رۆڵیان زیاتر بێت.

## بەشی دووەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

### یەکەم: دەرەنجام

١. ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە بواری بیناوە، ئەوا بەرەوپێشەوەچونێکی ئەوتۆ نەهاتوەتە پێشەوە، بگرە دۆخی هەندێک لە ناوەندەکان خراتر بون لەمڕوەوە، هۆکارەکەیشی بە وتەی بەرپرسان، بۆ نەبونی بودجەی پێویست بۆ ئەم بوارە دەگەڕێتەوە لەلایەن حکومەتەوە، بە کارگەریگەریی قەیرانی دارایی.
لەبەرامبەریشدا ڕێکخراوەکان و حکومەتی ناوەندی هەندێک هاوکاریی ئەم بوارەیان کردوە، بەڵام زۆر بە ڕێژەیی.

٢. بەشێک لە ناوەندەکانی خوێندن نۆژەنکردنەوەی ڕێژەییان ئەنجامداوە، لە نمونەی بۆیەکردن و چاککردنەوەی هەندێک پێویستی، ئەمەش بە هاوکاری ڕێکخراوەکان و کەسوکاری فێرخوازان و کەسانی خێرخواز، کە ئەمەش بەرەوپێشەوەچونێکی دیار و بەرچاوە.

٣. لە برواری میلاکات دا تاڕادەیەک کێشەکان کە پێشتر هەبون کەمبونەتەوە، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە ساڵ دوای ساڵ ژمارەی فێرخواز زیاد دەکات و میلاکی مامۆستاش هەروەکو خۆیەتی ئەگەر کەمتر نەبوبێتەوە، ئەمەش وادەکات کێشە لەو ڕووەوە دروست ببێت.

٤. هەوڵنەدراوە ڕێگە و بەرنامەی دیکە لە مەسەلەی میلاکاتدا ڕەچاو بکرێت، بەڵکو زۆرتر بە ڕۆتین و ڕێکارە کۆن و تەقلیدیەکان ئەو کارە کراوە و بە پشت بەستن بە بنەمای ڕێژەی فێرخواز و پێویستی نەکراوە.

٥. بەرەوپێشەوەچونێکی بەرچاو لە ڕۆڵی توێژەرانی دەرونی و کۆمەڵایەتی لەناوەندەکانی خوێندنی سنورەکە هاتوەتە ئاراوە، ئەمیش بەپلەی یەکەم بۆ جێبەجێکردنی سیستەمی (بریتش کاونسڵ) دەگەڕێتەوە کە ڕۆڵی بەرچاوی بە توێژەران داوە.

٦. هێشتا توێژەران وەکو کەسایەتیەکی نامۆ لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا دەبینرێن و بەرکەوتن لەنێوان ئەوان و مامۆستایان و ستافی ئیداری دا هەیە، بەهۆی گوێنەدان بە ڕۆڵ و پێگەی ئەوان لە ناوەندەکانی خوێندن و زاڵبونی بیروباوەڕە تەقلیدیەکە لەلای مامۆستایان، کە خۆیان بە سەنتەری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەزانن.

**دووەم: ڕاسپاردە**

١. ئەگەرچی قەیرانی دارایی زۆرینەی بوارەکانی کاری حکومەتی پەکخستوە، بەڵام لەم ماوەیەدا هەندێک سێکتەر خراونەتەوەکار، گرنگە بواری پەروەردە و دروستکردنی بینا و نۆژەنکردنەوەی لەنێو ئەو بوارانە بێت کە بخرێنەوە کار. بۆ ئەمەش بونی پلان و بەرنامەی پێویست و فشار دروستکردن لەلایەن حکومەتی خۆجێی سنورەکە بە هاوکاری کۆمەڵی مەدەنی، پێویست و گرنگە.

٢. هەوڵبدرێت ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و حکومەتی ناوەندی رابکێشرێنە سنورەکە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی دروستکردنی بینا و نۆژەنکردنەوەی، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە بە "جێناکۆک" ناودەبرێن، یاخود بەهۆی بونی ئاوارەوە ژمارەی فێرخوازی تیایدا زۆر بوە.

٣. بونی دەستپێشخەریی چ لەلایەن ئیدارەی ناوەندەکانی خوێندن و چ لەلایەن کۆمەڵی مەدەنی و کەسوکاری فێرخوازان و خێرخوازانەوە بۆ نۆژەنکردنەوەی ناوەندەکانی خوێندن، زۆر گرنگ و پێویستە. پەروەردەی گەرمیان دەبێت برەو بەم بوارە بدات، لە ڕێگەی گواستنەوەی ئەزمونی ئەو ناوەندانەی کە ئەم کارانەیان کردوە بۆ ناوەندەکانی تر.

٤. لەروی میلاکاتەوە پێشنیاز دەکەین کە پەروەردەی گەرمیان و وەزارەتی پەروەردە، پشت بە ئالیەت و ڕێکاری نوێ ببەستن تادەگات بە سودبینین لە ئەزمونی وڵاتانی تر، بەوەی پێداچونەوەیەک بەم پرسە بکەن بەشێوەیەک کە بە پێی پێویستی و ژمارەی فێرخوازان بە ڕەچاوکردنی بنەمای یەکسانی، میلاکاتەکان دابەش بکرێن و بۆشاییەکانی ئەم بوارە پڕ بکرێنەوە.

٥. برەوپەیداکردنی ڕۆڵی توێژەران هەنگاوێکی ئیجابی و باشە، دەبێت گرنگی بەم لایەنە بدرێت، چونکە بونی توێژەر لە بواری کاری خۆیدا، زۆر گرنگ و پێویستە.

٦. پێویستە پەروەردەی گەرمیان کاربکات بۆ ڕەوینەوەی ئەو کێشانەی لەنێوان ئیدارە و مامۆستایان لەلایەک و توێژەران لەلایەکی ترەوە دروست دەبن، ئەمەش لەرێگەی ئەنجامدانی خول و ۆرکشۆپ و کۆنفرانسەوە، هەردولا ڕێگەچارەی پێویست بۆ ئەو کێشانە بدۆزنەوە.


*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

١. ئەحمەد حەمید وەلی

٢. زریان محەمەد

٣. ڕێناس ساڵح

*** بۆ پەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ – ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

Radiodeng@yahoo.com yakaychawderigarmyan@gmail.com

www.radiodang.org